# ئەوەی ئەم ووتارە بخوێنێتەوە..
# هەڵەبجەو سیحری پۆستەکانی بەغداد ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

ووردبونەوە لە هەر کەلاوەو شەقامێکی وێران و هەڵکەندراو دنیایەك خەمساردیی سەرکردەو لێپرسراوە هەڵەبجەیەکانمان بیر ئەخاتەوە، ووردبوونەوە لە دادگاییکردنی سەدام و یاوەرانی نەزانی ئەو نوێنەرانەمان پێ ئەڵێت کە ئەوەندەی چاوەروانی پۆستە سیادیەکانن ئەوەندە چاوەروانی وەرگرتنەوەی مافەکانی نەتەوەی کوردو سزادانی تاوانباران نین، سەرەنجام تیۆرێك لە دونیای کوردیدا ئیش ئەکات کە وورد بوونەوەیە لە جەهل و فێرمان ئەکات چۆن جاهیل بین؟ وەك چۆن سواڵکردن بۆ پۆستەکانی بەغداد فێرمان ئەکات چۆن سواڵکەرێکی گوێرایەڵی کوردی بین!! ئێمە دەمێکە پێکدادانی یادەوەریمان بۆ دروست بووەو بوینەتە بێماناترین و هەرزانترین کەرەستەی پروپاگەندە کە حیزب لە خۆیدا رەنگرێژی ئەکات و دواجار کارەساتەکانی وەکو هەڵەبجەشی تێوە ئەگلێنێ،

هەڵەبجە ئێستا بەداخەوە کراوەتە قوربانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و موجامەلە ئەمریکیەکان، کەس نییە بزانێت گرفتی هەڵەبجە چییە و هەڵەبجە لە بەغداد چی داوا ئەکات و ئایا ئەمانەوێت سەدام و عەلی کیمیایی و سەرانی بەعس بە سزا بگەیەنین؟ یان هەمووئەمانە سیناریۆی بەدبەختی میللەتی کوردە بۆ ملکەچی و سەر نەویکردن بۆ ئەوی تر، جاران ئێمە بەس بۆ بەعس و عەرەب سەرمان نەوی بوو ئێستا بۆ هەموو ئەو دەوڵەتە رۆژئاواییانە سەرمان نەوییە کە سەردانیان ئەکەین و کۆنگرە رۆژنامەییەکانیان تیا ساز ئەدەین و پێئەکەنین و وا ئەزانین هیچمان نەهێشتۆتەوە،هیچ نەتەوەیەك بەقەدەر کورد بێ گوتارو ئەجێندا نییەو هیچ نەتەوەیەکیش بەقەدەر کورد سەرکردەو سەرۆك و نوێنەری نییە، لە هەموو شوێنێکی دنیا نوێنەرو سەرکردەین و بە ناوی هەموو کوردەوە قسە ئەکەین و کەچی بێ پرۆژەترین نەتەوەی سەرزەوین، لەگەڵ عەرەب عەرەب و لەگەڵ ئەمریکی ئەمریکی و لەگەڵ جولەکەوڤاتیکانیش با بوەستێ، کەنیسەو پەرستگاو مزگەوت و کلێساو نەزرگەو مەقبەرەو دێرو هەموو شوێنگاهە سرووتیەکانی ئاین و تەریقەتەکان بە هی خۆمانی ئەزانین و کە ئەچین بۆ لایان وەلائیان بۆ دەردەبرین و تاعەتگۆییان ئەکەین و نازانین ئەم گەمەیە چ ترسناکە، ئای چەندە حەزمان لە دۆراندنی ناسنامەو ئاین و خەسڵەت و تایبەتمەندیە زمانیەکانمانە، چەندە حەز بە بچوکبوونەوەی خۆمان و تواندنەوەی سنوروجوگرافیاکەمان ئەکەین، چەندە نوسەرو سەرۆك خێڵ یەك حسابی هەیەو قوربانی و جەللادیش وەك یەك؟! لای ئەوان (عەرەب، تورك، فارس، ئینگلیز، هندی،رەش و سپی، نەسرانی، سابیئە،کۆنفشیۆس و بودی و گاپەرست) تایبەتمەندی و شوناس گرنگیەکی تایبەتی هەیە و تەنانەت وەزیرێکی فەرەنسی نابینیت بچێتە ئەمریکا بە ئەمریکی قسە بکات لەبەر تایبەتمەندی کولتورو زمانەکەی، ئەنگلۆ سەکسۆنی و بریتانی و ئەمریکی جیاکاری خۆیان هەیەو هەمووشیان هەر بە ئینگلیزی ئەدوێن، لە کیوبیکی هەرێمە فیدراڵیەکەی کەنەدا کەس بە ئینگلیزی نادوێ و هەموویان بە پێی رەچەڵەکی کولتوری و زمانی خۆیان ئەدوێن، تەنانەت وەزیرێکی فورس و ئێرانی لە هەموو قارەی ئەورووپاو ئەمریکادا نابینی ووشەیەکی بێگانەی لەدەم بێتەدەرو داخڵ بە تەقس و نۆرمێکی ئاینێکی دیکە بێت و خۆی بکات بەوان و گوڵ لەسەر مەزاری شوێن و رەمزو کاریزماکانیان دابنێ، لای ئێمەش تەسلیمبوونێکی بێتام و فرە شوناسیەکی بێئەندازە هەیە تا ئاستی سەرگەردانی، حەوت زمان و حەوت ئاین و حەوت تەریقەت و مەزهەبمان هەیە و کەچی دەوڵەتۆکەیەکمان نییەو ناشمان بێت.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا سیحری شانازیکردن بۆ پۆستەکانی بەغداد نابێت یادەوەریەکی مێژوویی کولتوریانەی وەکو هەڵەبجەمان بیر بباتەوە، ئەمە بەهێزترین  وێسگەی ژیانی سیاسی ئێمەیەو ناکرێت بێدەنگ بین لە ئاستیدا، بەتایبەتی دوای دادگاییکردن و سزای پانزە ساڵ بۆ بیزنسی ئەورووپی فراس ڤان ئەنرات کە پێوەندە بە دۆسیەی شیمیایی بارانی هەڵەبجەوەو ئەمە سەرەتایەکە بۆ ئەوەی تاوەکو سزا نەدراوین و دادگایی نەکراوین قسەیەکی تازە لەدەرەوەی ئەدەبیاتی تەقلیدەوە بۆ هەڵەبجەو زامەکانی بکەین، ئیتر هەر نوزەوگریانێك بۆ هەڵەبجە جۆرێکە لە بێ پرۆژەیی و جۆرێکە لە فەشەلی حیزبی دەسەڵاتداری کوردی لەو شارەدا،ئەگینا ئەوە چۆن بوو ڕوومان هات رۆحی قوربانیانی هەڵەبجەمان گۆریەوە بە پۆستێك، زامێکی ئەوەندە سەختمان بیر چووەوەو کورت کردەوە بۆ  چەند سەد خانوویەکی خوێڕی؟ بۆ قیرتاوێکی بێ ئابڕوو؟ بۆ ئوتێلێك کە هەر نەکرا؟ بۆ نزمترین زانکۆ و بۆ بێ هێزترین کۆلێژی کشتوکاڵی کە بریارە لە هەڵەبجە بکرێتەوە، باشە نەئەبوو کۆلیژی پزیشکی یان یاساورامیاری بووایە یان توێژینەوەی زانستی؟ هەڵەبجە قوربانی کامیانە جوتیاری و زەراعەت و وەرزێری یان پیشەسازی چەکی کۆکوژو یاسای جەبەروت و نەخۆشیە کوشندەکان؟ ئایا ئەمە جۆرێك نییە لە سوکایەتی بە شەرافەتمەندی هەڵەبجە و دەلالەتی بێ پرۆژەیی نییە؟ ئەرێ تاکەی خەڵکی هەڵەبجە بۆ وەرگرتنی ئەرزەیەك و مامەڵەیەکی رەسمی و سەرئێشەو نەشتەرگەریەك سەربکەن بە فەرمانگەکانی سلێمانی و دنیایەك زەجرو هیلاکی بچێژن؟ ئەرێ هەڵەبجە خۆی بێ فەرمانگەو بێ شارەوانییە؟ دەنگی نییەو خەڵکی نییە کامیان، نازانم ؟؟

پرۆژە ئەوەیە ئەمساڵ نوێنەرانی هەڵەبجە فیستیڤاڵ بەرنە بەردەم زیندانیەکەی سەدام و قسەی خۆیان بکەن تا سەرجەم میدیاو کەناڵە جیهانیەکان بزانن کورد کارەساتێکی هەیەو لە بیری ناکات و ئەوەش وێنەی هەڵەبجەیە کە چۆن کراوەتە مەتحەفگای وێرانی و جێی نەخۆشی و نەبوونی خزمەتگوزاری و تەپوتۆزی شەقام و چاوەروانی بۆ دوو ئیدارەی گەندەڵ کە تا خانویەکت بۆ ئەکەن سەدان بەڵێنی درۆت بۆ ریز ئەکەن و داوای دەنگیشیان لیٚ ئەکەن و لە ئەگەری دەرکەوتنی هێزێکی وەکو یەکگرتووش تۆقیون،

لە دوای 2005/12/23 ەوە کە سزادانی ڤان ئەنراتی لێکەوتەوە کە بروام وایە گەر بەدەست حیزبی کوردیەوە بوایە بۆ پیاوەتی و سنگ دەرپەراندن بەرائەتیان پیٚ ئەبەخشی وەکو نزار خەزرەجی تاوانباری ئەنفال و هاوکارانی، چونکە ئەوانەی لای خۆمان بەراستی بەهرەیەکی خوایی باشیان هەیە لە لێخۆشبوونی تاوانباراندا و هەر لەو دیدگایەوە ئەبێت هەڵەبجە لەدەستی ئەوانەی لای خۆمان دەر بهێنین تا لەوە زیاتر گوتارەکەی لاواز نەکرێت، دەبێت هەوڵ بدەین رووداوی ئەنرات، گواستنەوەی ماناکانی کارەسات بێت لە ماناو تێگەشتنێکی حیزبی و ئایدۆلۆژییەوە بۆ مانایەکی دەوڵەتی تا هەڵەبجە لەناو دەوڵەتەوە پیٚ بگرێتەوەو بکەوێتەوە سەر قاچی خۆی و پێویستی بە بازرگانەکانی حیزب نەمێنێت بە مانایەکی تر گۆرینی روئیایەکی خێڵەکی و لۆکاڵیانە بۆ بەرجەستەکردنی روئیایەکی شاریانەی مۆدێرن و گلۆباڵ کە بە یاساو دەستورە دەوڵەتیە نەگۆرەکان هەڵەبجە موتوربەو یاسارێژ بکریٚ تا لە میتافۆرێکی زمانیەوە بکرێتە سەرمایەیەکی بەنرخی نەتەوەیی و چیتر تراژیدیاکانی وەکو هەڵەبجەو ئەنفال قەتیس نەبێت لە ناو زمان و یادەوەری بریندارى خۆمان و لەناو ئەدەبیاتە سواوە حیزبیەکاندا، ئەزانین هێشتا کارەساتی کوردی لە قاڵب و گوتارێکی عاتیفیانەدا ئەسورێتەوە و هێشتا ئەوە زمان و گریان و سۆزە کە ناهێڵێت  بیر بچنەوەو بەرواری شانزەی سیٚ ئەهێنێتە قسە نەك یاسایەکی دەوڵەتیانە،هەروەك چۆن ئەو قسەکردنە زیاتر قسەکردنی جوزئی بوەو مانای حەقیقیانەی خۆی پێنەدراوە، جووەکان هۆلۆکۆست و یابان هێرۆشیماو ناکازاکی و ئەرمەنستان قەتلوعامی ئەرمەن لەلایەن تورك و عوسمانلیەوە لەبیرناکەن و لە وولاٌتی خۆیاندا کردویانەتە یاساو بەرجەستەی ئەکەن و لە هەموو جیهانیشدا وەك سومبول تەماشایان ئەکرێت و هەر ساتەوەختێك لە باریدا هەیە کە خۆی نمایش بکات و وەکو کارەساتێکی زیندوو سەرمایەگوزارییان پێوە بکرێت هەڵەبجەش ئەبیٚ چاوەروانی خانوەکان بێت....!!!!

لێرەوە ئەو ئەرکەی کە دروست ئەبێت وەگرنگە کاری بۆ بکرێت بە سومبولکردنی ئەو کارەساتانەی کوردە ئەمەش پێویستی بە پرۆژەی نەتەوەیی هەیە،پرۆژەیەك لە یەك کاتدا پێمان ئەڵێت ئێمە کاتێك کار بۆ عێراقی یەکگرتوو ئەکەین ئایا  لە بەغداش پەیامێکی ستراتیجی هەیە کە گوتاری کوردی تۆخ بکاتەوە تا ئاستی خۆناساندن بەو شەقامە عەرەبیەی کە تائێستاش نایەوێت کارەساتی هەڵەبجە بخاتە ئەستۆی بەعس و هێشتا گاڵتە ئەکات بە رێژەی قوربانیەکان ؟! ئایا لە دوجەیلیەکان زیاترمان پیٚ ئەکرێت لەو بەناو دادگاییکردنە ساختەیەدا ؟ لە کاتێکدا بەعسیەکان بەو نەرم و نیانیە دادگایی ئەکرێن سەرانی خوێنرێژی دیکەی بەعس ئازاد ئەکرێن و دوورنییە بۆ چوارساڵی دیکە خۆیان کاندید بکەنەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی عیراق، ئەمەش ئەو ستراتیجە جەهەنمیەی ئەمریکیەکانە کە خوێمان بەشەرتی شەکر پیٚ ئەفرۆشێت و نقەشمان لێوەنایەت؟!

ئەمە خۆی بریتیە لەو کارەساتەی کە لێوان لێوە لە جەهلی سیاسی و لە مەیلی خۆ تەسلیمکردن و لە هەژاری فەرهەنگی،کەسێك نییە بپرسیٚ ئەریٚ بۆ تائێستا ئەو کارەساتانە نەبونەتە دیکۆمێنتارو نەچەسپیون لە گوتارو ئەجێندایەکی دەوڵەتیدا و ئەم کارەش گەر وابمێنێتەوە ئەوا کاراییەکەی تا سەر روپەری رۆژنامەیەك کارناکات و هەموو لەحزەیەك شایانی بیرچونەوەن و ئەهلی کارەساتباری هەڵەبجەو تەنانەت کوردیش جگە لە پەرەیەك گریان و فیستیڤاڵێکی حیزبیانەی ساڵانە چیتری پیٚ نابریٚ و لەمەشدا تەنها حیزب و دەسەڵاتی کوردی مەحکوم و تاوانبارە دواجار لە یادەوەریەکانی هەڵەبجەو ئەنفالیشدا ئەوەندەی سەرکردە حیزبیە خاوەن ڤێللاکان (بەڵێن بیرچووەکان) ئەبینرێن و وتارو دروشمیان هەیە ئەوەندە بریندارو بەجێماوێکی قوربانی قسەی نیە،ئەوەندەی زەماڵەی خوێندن بۆ کوڕە مەسئولەکانە ئەوەندە بۆ کورە هەڵەبجەییەکان نییە، چونکە لەلایەك یادەوەریەکانی ئەم کارەساتانە ئەوەتان لە زارو بیری شەفەهیانەی نەوەیەك لە سیاسی و سەرکردەی دەستنەرۆشتودا کە بەپیربوون و نەمانیان خۆبەخۆ یادەوەریەکانیش لە ناو ئەچن و دواتریش بە مێژوویەکی نزیك شتێك نیە ناوی هەڵەبجە بیٚ، ئاخر لەم بەدبەختی و بێدەنگیەدا کیٚ بەرپرسیاری سەرەکیە؟ ئەوانەی هەفتەی جارێك رێخراوێك یان گروپێك یان رۆژنامەیەك دروست ئەکەن بۆ تۆکمەکردنی تەکەتولە حیزبیەکانیان، کام پرۆژەیان بەدیاری هێنا بۆ هەڵەبجەو ئەبێت هەڵەبجە لەم سەحرای بێکەسیەدا چی بکات؟ مەگەر بەدیار مۆمەوە دانیشیٚ و خەو ببیاتەوە؟